# پەڕتووکخانە

هەموو شارەکانی فینلەند پەڕتووکخانەیەکی گشتیان هەیە.
پەڕتووکخانە شوێنێکە بۆ چاوپێکەوتنی
تاکەکان و ناوەندی کلتوورتییە.
پەڕتووکخانە بۆ منداڵان، هەرزەکاران، ژنان و پیاوانە.
لە پەڕتووکخانەدا دەکرێت تۆژینەوە بکەیت، کات بەسەر بەریت، هاڕوێ و برادەران ببینیت و بەشداری بکەیت لە ڕووداوە جیاوازەکاندا.
بۆ یارمەتیدان و پێشاندانی کەلێن و قوژبنی پەڕتووکخانە فەرمانبەرانی پەڕتووکخانە لەوێدا ئامادەن

پەڕتووکخانە خزمەتگوزارییەکی بێبەرامبەرە بۆ هەموو دانیشتووان.
لە پەڕتووکخانەدا دەتوانیت

- پەڕتووک، گۆڤار، مووزیک و فیلم بەقەرز وەربگریت
- کۆمپیوتەرو ئامێری تری ئەلەکترۆنی پەڕتووکخانە بەکاربێنیت
- بەشداری بکەیت لە دەستەی توێژینەوە، ڕووداو و کۆرسەکاندا
- داوای یارمەتی پسپۆڕی لە فەرمانبەران بکەیت
- ئاسانکاری پەڕتووکخانە وەک هۆڵی توێژینەوە بەکاربێنیت.

زانیاری زیاتر لەسەر پەڕتووکخانە و ماڵپەڕەکانی پەڕتووکخانە.

تاڕادەیەک هەموو خزمەتگوزاری و ڕووداوەکانی پەڕتووکخانە بێبەرامبەرە.

بۆ بەقەرزوەرگرتنی پارچە و برگەکانی پەڕتووکخانە کارتی برواپێکراوی پەڕتووکخانەت پێویستە.
بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی تر کارتی پەڕتووکخانەی پێویست نییە.

## ئەوەی دەبێ لە پەڕتووکخانەدا بیکەیت و لەودا بەشداری بکەیت

لە پەڕتووکخانەدا بۆ منداڵان، هەرزەکاران و گەورەساڵان هەندێک پێشهات ئامادە کراوە.

کاتژمێری چیرۆک بۆ چیرۆک وتن و یاریکردنە.

لە پەڕتووکخانەدا بەرنامەی وەک شەوە شێعر و ئەدەبیات، دیدار لەگەڵ نووسەراندا، ئاهەنگی مۆسیقا و وتاربێژی جیاواز ئامادە کراوە.
ڕووداوی بەڕێوەچوو لە لایەن پەڕتووکخانەوە بێبەرامبەرە.

زۆربەی پەڕتووکخانەکان پێشانگایان هەیە کە دەکرێ ئەوان بگرییەوە. لە پەڕتووکخانە و ماڵپەڕەکانی ئەواندا زانیاری ڕووداوەکان و پێشانگاکان دەست دەکەوێت.
دەتوانیت بۆ ڕووداوی پەیوەست بە خۆت لە پەڕتووکخانەدا پلان دابنێیت.

بە یارمەتی کۆمپیوتەرەکانی پەڕتووکخانە دەتوانیت پشکنینی ئیمەڵەکانت بکەیت، لە ئینتەرنێتدا بۆ زانیارییەکان بگەڕێیت یان زانیارییەکان چاپ بکەیت.
چاپکردن لە هەندێک لە شارەکاندا تێچوونی هەیە.
هەموو کۆمپیوتەرەکان پرۆگرامی پرۆسەکردنی وۆرد و پرۆگرامی تری ئەپڵیکەیشنیان هەیە.
هەندێک پەڕتووکخانە تەیارن بە سکانەر و تەختەکلیل بە زمانە جیاوازەکان.

دەتوانیت ئاسانکارییەکانی پەڕتووکخانە بەکاربێنیت.
هەموو پەڕتووکخانەکانی مێز و کورسیان هەیە و دەتوانیت بۆ ئیشی بازرگانی یان ڕابواردن سەربەستانە بەکاریان بێنیت.
زۆربەی پەڕتووکخانەکان هۆڵیان هەیە کە دەکرێ بۆ ڕووداوی خۆت وەک کۆبوونەوەکان بیانگریتەوە.
هەندێک لە پەڕتووکخانەکان ژووری مووزیکیان هەیە کە بۆ نموونە لەوێدا دەتوانیت پیانۆ بژەنیت.

## پەڕتووکی ئەلەکترۆنی چییە؟

پەڕتووکی ئەلەکترۆنی هەر وەک پەڕتووکی ئاساییە بەم جیاوازییە کە دەبێ ئەو لەسەر کۆمپیوتەر یان مۆبایل بخوێنیتەوە. پەڕتووکی ئەلەکترۆنی ”ئای بووک“یشی پێدەوترێت.

پەڕتووکی ئەلەکترۆنی دەکرێ خەیاڵاوی بێت یان خەیاڵاوی نەبێت، وەک ڕۆمان، پەڕتووکی حەقایەت یان پەڕتووکی شێعر.

دەکری پەڕتووکی ئەلەکترۆنی ڕێک وەک پەڕتووکی چاپکراو بەقەرز وەربگریت.

**چۆن دەتوانیت پەڕتووکی ئەلەکترۆنی بەکاربێنیت؟**

بۆ بەقەرزوەرگرتن پێویستت بە کاتی پەڕتووکخانە و پین کۆد یان هەمان ژمارە پێناسەیە.

بەساکاری دەکرێ لە وێبگەڕدا پەڕتووکی ئەلەکترۆنی بخوێنییەوە.
کەوایە بۆ خوێندنەوەی ئەم پەڕتووکانە پێویست بە داگرتنی پڕۆگرامی تر نییە.
ئامێر دەبێ بە ئینتەرنێت بلکێت بۆئەوەی بتوانیت پەڕتووک بخوێنییەوە.

پێویست ناکات پەڕتووکی ئەلەکترۆنی بەجیا بگەڕێنییەوە چونکە ئەوان پاش کۆتایی هاتنی ماوە ئۆتۆمات دێنەوە ناو پەڕتووکخانە.

**یاسای بەکارهێنان**

هەموو پەڕتووکەکان ڕێسای بەکارهێنانی خۆیان هەیە.
ڕێسا بەکارهێنانی ماف و پابەندبوونی بەکاربەر دیاری دەکات. بۆ نموونە ڕێسا دیاری دەکات کە کاربەر دەتوانێت هاوکات چەند پەڕتووک بەقەرز وەربگرێت و هەروەها کاتی هێنانەوەی ئەوان دیاری دەکات.

گەر بەکاربەرێک ڕیسای بەکارهێنان ڕەچاو نەکات، لەوانەیە ئیتر پەڕتووکی بەقەرز پێنەدرێت.

**پەڕتووکخانە خزمەتگوزارییەکان لە تۆ نزیک دەکاتەوە**

پەڕتووکخانەی گەڕۆک پاسێکی پڕە لە پەڕتووک و برگە و پارچەی تر.
گەر شوێنی ژیانت لە پەڕتووکخانە دوورە، لەوانەیە نزیک لە ماڵەکەت وێستگەیەکی پەڕتووکخانەی گەڕۆکی لێبێت.
پەڕتووکخانەی گەڕۆک بە پەیڕەویکردن لە خشتەی کاتی تایبەت بۆ هەموو وێستگەکان گەشت دەکات.

**دەکرێ پەڕتووکەکانی پەڕتووکخانە بە زمانی جیاواز داوا بکەیت**

دەکرێ لە پەڕتووکخانە داوای پەڕتووکێک بکەیت کە بە زمانی خۆتە. دەتوانیت ئەم پەڕتووکە لە پەڕتووکخانەی چەند زمانە داوا بکەیت. پاشان دەکرێ پەڕتووکەکان لە پەڕتووکخانەی گەڕەکی خۆت وەربگرێت.

گەر ناتوانیت پەڕتووک بخوێنییەوە لە پەڕتووکخانەی پەڕتووکی دەنگەوە پەڕتووک بەقەرز وەربگرە.

پەڕتووکخانەی گەڕەک هەروەها دەتوانێت بۆ بەکارهێنانی پەڕتووکخانە لە زمانی ئاماژە لە ناونیشانی ئینتەرنێتی www.viittomakielinenkirjasto.fi
دا ڕێنموونیت بکات.

**بەخێر بێی بۆ پەڕتووکخانە!**

KIRJASTO • BIBLIOTEK • LIBRARY